پاشکۆی 3

دارهەنجیری گەڵاگرتوو ؛ وە ئەو کۆیلانەی بێدارن و شەوارەیان گرتووە

" نمونەی دارهەنجیری گەڵا گرتوو " لە مەتا ٢٤: ٣٢- ٣٥ وە نمونەی " ئەو کۆیلانەی بێدارن وشەوارەیان گرتووە " تایبەتن بە بەئاگا بوون و شەوارەگرتن وچاوەڕوانی کردن لە نێو شانشینی خودا .

أ. دار هەنجیری گەڵا گرتوو

مەتا 24: 32- 35 بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

ئەم نمونەیە ڕونکردنەوەیەکە لەبارەی بەکارهێنانی چیرۆکەکە.

درەخت .

ئەوەی عیسای مەسیح فەرموی لەبارەی درەختەکەوە دەوترێ لەبارەی هەموو درەختێکەوە جگە لەو درەختانەی هەمیشە سەوزن لۆقا ٢١: ٢٩ .

گەڵای نوێ .

کاتێ دارودرەخت گەڵای نوێ دەردەکەن ئیدی هەموان دەزانن کە هاوین نزیک بۆتەوە .

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٤: ١- ٣١ .

مەتا ٢٤ و ٢٥ پێکهاتوە لە فێرکردنەکانی عیسای مەسیح دەربارەی شتەکانی کۆتایی . پەیامی ئەم دوو بەشە ئەوەیە باوەڕداران چاوەڕوان بن وشەوارە بگرن بۆ هاتنەوەی عیسای مەسیح ئەوەی دادوەریی و لێپرسینەوە دەکات و بڕیار لەسەر پاداشت و سزا دەدات .

مەتا ٢٤: ١- ٣ : پێشبینی .

ئەم فێرکردنە دوو پرسیار لەخۆدەگرێ کە قوتابیەکان پێشکەشیان کرد : کەی پەرستگا دەڕوخێ ؟ نیشانەی هاتنەوەی مەسیح چیە لە کۆتایی زەمانەدا ؟

مەتا ٢٤: ٤- ١٤ : سەرەتای ژانەکان .

هەموو جۆرە ناڕەحەتی یەك وەکو جەنگ و برسێتی و بومەلەرزە ڕوودەدەن لەپاڵ مزگێنیدان بە ئینجیل بۆ هەموو نەتەوەکانی زەوی دەبێت ئەمانە ڕووبدەن پێش هاتنی کۆتایی زەمانە .

مەتا ٢٤: ١٥- ٢٨ : گەورەترین تەنگانە ئەوەی وێنەیەکە بۆ " قێزەونی وێرانکەر" تەنگانەکانی ئۆرشالیم . لۆقا ٢١: ٢٠ .

مەتا ٢٤: ٢٩- ٣١ : دەرکەوتنی عیسای مەسیح .

هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح کتوپڕ ولەناکاو دەبێت و لە هەموو شوێنێك دەبینرێ .

مەتا ٢٤: ٣٢- ٣٥ : وەکو دارهەنجیری گەڵا گرتوو .

مەتا ٢٤: ٣٦- ٤٤ : گرنگی بەئاگا بوون و بێداری و شەوارەگرتن و ئامادەباشی هەموو کاتێك . ١سالۆنیکی ٤: ١٧ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ١٠ ؛ مەتا ٢٥: ٣١- ٣٣ .

مەتا ٢٤: ٤٥- ٥١ : نمونەی کۆیلە / خزمەتکارە دڵسۆزەکان و ناپاکەکان. بەئاگایی و شەوارەگرتن و ئامادەباشی واتە خزمەتی دڵسۆزانە و بە تێکۆشانەوە لە شانشینی خودا .

مەتا ٢٥: ١- ١٣ : نمونەی دە کچەکان (پاکیزەکان).

ئامادەباشی و بەئاگایی بەدرێژایی ڕۆژ پێویستە لەسەر هەموو باوەڕدارێك چونکە کاتی هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح نەزانراوە .

مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ : نمونەی دە کیسە زێڕەکان .

کۆشش و بەدڵسۆزانەو دەستپاکانە و باش بەکار هێنانی بەرهەم و تواناو دەرفەتەکان کە خودا دەیبەخشێ پێش هاتنەوەی دووەمی و ڕۆژی دادوەریی کۆتایی دەبێت باوەڕداران پێی هەڵسن و بەو شێوەیە بژین .

مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦ : نمونەی مەڕ و بزن .

پێناسەی دادوەریی کۆتایی دەکات بۆ باوەڕداران و بێباوەڕان لەبەردەم تەختی عیسای مەسیح لە هاتنەوەی دووەمیدا .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٤: 32 .

پێدەچێت زمانی نمونەی دارهەنجیری گەڵاگرتوو هەروەها ئەو وێنەی پیشانی دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئیشایا ٣٤: ٤ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٤: ٣٣-٣٥.

عیسای مەسیح لە مەتا ٢٣: ٣٧ – ٢٤: ٣ باسی وێرانبوونی ئۆرشالیمی کرد بە پەرستگاکەشەوە ، قوتابیەکان پرسیاری یەکەمیان ئەوە بوو ، کەی ڕوودەدات ئەمە ؟ وە پرسیاری دووەمیان ئەوەبوو ، نیسانەکانی کۆتایی زەمانە کامانەن ؟ وە نمونەی دارهەنجیری گەڵاگرتوو شرۆڤەیەکە گرێدراوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەم دوو پرسیارەوە . نمونەی مەتا ٢٤: ٣٣ تایبەتە بە پرسیاری یەکەم و بەشی دووەم لە شرۆڤەکە مەتا ٢٤: ٣٤-٣٥ گرێدراوە بە پرسیاری دووەمەوە . هەروەها بڕوانە مەتا ٢٤: ٤-٨ ؛ مەتا ٢٤: ١٥-٢٠ ؛ لۆقا ٢١: ٢٠ ؛ مەتا ٢٤: ٣٥ ؛ مەتا ٢٤: ٤٦-٢٥: ٤٦ . گرنگ نیە دەتسەواژەی ئەم نەوەیە گوزارش بێت لە کۆمەڵێکی سەردەم نە لە سەردەمی عیسای مەسیح و نە لەم سەردەمەی ئێستاماندا بڕوانە وتەکان ٣٢: ٥ ، ٢٠ ؛ زەبور ١٢: ٧ ؛ ٧٨: ٨ ؛ کردار ٢: ٤٠ ؛ فیلیپی ٢: ١٥ ؛ عیبرانیەکان ٣: ١٠ ؛ ڕۆما ١١: ١-٢ ، ٢٥ – ٢٦ . دەرئەنجامی مەتا ٢٤: ٣٣ وەڵامی عیسای مەسیحە بۆ پرسیاری قوتابیەکان لە مەتا ٢٤: ٣ ، مەتا ٢٤: ٣٤ ، مەتا ٢٤: ٣ .

جیاوازیەك هەیە لە شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەوانەی لەلایەك لە مەتا و مەرقۆس پێشکەش کراون وە ئەوانەی لەلایەکی ترەوە لە لۆقا پێشکەش کراوە . بڕوانە لۆقا ٢١: ٢٠-٢٤ ؛ لۆقا ٢١: ٢٥-٢٨ وە مەتا ٢٤: ٢١-٢٩ ؛ مەرقۆس ١٣: ١٩، ٢٤ ؛ مەتا ٢٤: ١٥-٢٠ ؛ مەرقۆس ١٣: ١٤-١٨ ؛ مەتا ٢٤: ٢١-٣١ ؛ مەرقۆس ١٣: ١٩-٢٧ ؛ لۆقا ٢١: ٢٣ ؛ لۆقا ٢١: ٣١ ؛ لۆقا ٢١: ٢٥-٢٨ ؛ لۆقا ٢١: ٣١ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

ئەم نمونەیە لەڕاستیدا ڕونکردنەوەیەکە زیاتر لە چیرۆك چونکە وردەکاری باس دەکات بە بێ واتایەکی مەبەستدار .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی دارهەنجیری گەڵا گرتوو لە مەتا ٢٤: ٣٢- ٣٥ فێرمان دەکات لەبارەی " بێداری و شەوارەگرتن لە شانشینی خودا" پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : پێشبینیەکانی عیسای مەسیح لەبارەی ئەو شتانەی ڕوودەدەن لەماوەی نێوان هاتنی یەکەمی و دووەمیدا کە بەدڵنیاییەوە ڕوو دەدەن ، وە دەبێت ئەم ڕاستیە هانی باوەڕداران بدات کە شەوارەبگرن و ئامادەباش بن بۆ هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح .

بێداری و شەوارەگرتن بنەمایەکی سەرەکیە لە شانشینی خودا ، گەلی شانشینی خودا باوەڕیان بە پێشبینیەکانی عیسای مەسیح هەیە تایبەت بە هاتنەوەی دووەمی بۆیە دەبێت شەوارەبگرن وئامدەباش بن و بێدار بن بۆ هاتنەوەی دووەمی .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

بڕوانە وانەی ٤٥ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

بڕوانە وانەی ٤٥ .

ب. کۆیلە دڵسۆز ودەستپاکەکان ئەوانەی بێدارن و شەوارەیان گرتوە .

لۆقا ١٢: ٣٥- ٤٠ **بخوێنەوە .**

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

گفتوگۆ: ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان .

ئامادە بە بۆ خزمەت . کردار ٧: ٥٨ .

چراکەت بە داگیرساوی بهێڵەوە .

دادوەران ١٤: ١٧ .

چارەکی دوەم یان سێ یەمی شەو .

جولەکە شەویان دەکرد بە سێ بەشەوە (دادوەران ٧: ١٩) وە ڕۆمەکان شەویان دەکرد بە چوار بەشەوە (مەتا ١٤: ٢٥ ؛ مەرقۆس ١٣: ٣٥) پێدەچێ لۆقا شوێن دابەشکردنەکەی ڕۆمەکان کەوتبێت بۆ شەو کە چوار بەشە ، لەبەرئەوەی دوابەدوای ئینجیلی مەرقۆس ومەتا دێت (لۆقا ١٢: ٣٨) .

ئینجا گەورەکە خزمەتی کۆیلەکانی / خزمەتکارەکانی دەکات .

ئەم شتە بەتەواوەتی نائاساییە ! لەژیانی ئاساییدا گەورە خزمەتی کۆیلەو خزمەتکاری ناکات بەڵکو کۆیلەو خزمەتکار خزمەتی گەورەکەیان دەکەن

هەموو کاتێك ، خۆزگەی خوداوەند بۆیان دووجار لە لۆقا ١٢: ٣٧- ٣٨ ئاماژەیە بۆ هەڵوێستی ئەرێنی خوداوەند بەرامبەر بەوانە !

خاوەن ماڵ و دز .

هیچ خاوەن ماڵێك ڕێگە نادات دز خۆی بکات بە ماڵیدا ئەگەر بزانێ کەی دێتە سەری ، خاوەن ماڵەکان ئامادەنین بۆ هاتنی دز بۆیە بەڵایانەوە سەیر دەبێت کە شتێکی وەها ڕووەدات وە هیچیشیان پێناکرێت کە ئامادە نەبووبن .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٢: ١٣- ٣٤ دایە .

بڕوانە لۆقا ١٢: ٣٤ بەتایبەتی .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٢: ٣٥- ٣٨ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٢: ٣٩- ٤٠ .

جێبەجێ کردنی نمونەکە لە چوارچێوەی خودی ڕاسپاردەکەدایە.

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

عیسا هیچ واتایەک نادات بە وردەکاری نێو نمونەکە .

نێو قەدتان ببەستنەوەو چراکانتان داگیرساو بێت .

چارەکی دووەم یان سێ یەمی شەو ، عیسا هیچ واتایەك نادات بەم بەشەش بڕوانە مەتا ٢٤: ٣٦ ؛ کردار ١: ٧ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ١- ٣ .

ئینجا گەورەکە خزمەتی کۆیلەو خزمەتکارەکانی دەکات .

ئەم بەشە زۆر گرنگە بڕوانە لۆقا ٢٢: ٢٧ ؛ یۆحەنا ١٣: ١- ١٥ ؛ ١یۆحەنا ٣: ٢ ؛ ٢پەترۆس ١: ٤ ؛ ئاشکراکردن ٢١: ١- ٣ .

خاوەن ماڵ ئامادە دەبێت بۆ هاتنی دز .

ئەم خاڵە زۆر گرنگە چونکە ئاماژەیە بۆ جێبەجێکردنی نمونەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی کۆیلە دڵسۆزەکان ئەوانەی شەوارەیان گرتوە لە لۆقا ١٢: ٣٥- ٤٠ فێرمان دەکات لەبارەی " بێداری و شەوارەگرتن لە شانشینی خودا" پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : دەبێت باوەڕداران هەمیشە ئامادەباش بن و بێدار بن و شەواره بگرن بۆ هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح .